کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-9-2007 16:42بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بینینی تۆ ... خالد باران**

قەت لە بینینت تێرنابم
ئەشزانم کەبڕوا ناکەی
بەدووریشت پەرێشانم
گەرچی نایەی تەماشاکەی
هەرچەند ئەمڕۆ یەکمان بینی
بەڵام خەمبارو خەمگینم
تۆ بەرەو ماڵ دەڕۆیتەوەو
چی دی لەم شوێنە ناتبینم
بریا دیدارم لەگەڵتا
تا کۆتایی تەمەن بوایە
گومانم هەیە بەو کاتەش
سوکنایی دڵ بهاتایە
وانەزانی تامەزرۆییم
بەبی هۆیەو لەخۆوەیە
کامەرانی وئاسودەییم
هەربە بینینی تۆوەیە

www. kh. baran@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.